# به بازار کردنی هونەر پێناسەکان و تایبەتمەندییەکان

**کامەران حەسەن**[1]

پوختە

ڕەنگە ماوەیەکی زۆر نەبێت کە هونەر لەگەڵ بە بازار کردن هاوکار بووە، هەرچەندنە خودی بەبازارکردنی جۆرێکە لە هونەر، هونەری باوەڕپێهێنانی موشتەرییەکان بۆ بە کارهێنانی بەرهەم یان خزمەتێک. سەرەڕای هاوبەشییەکانی بەبازارکردنی کاڵاکان لەگەڵ هونەر چەندین جیاوازیش هەیە. بەرهەمی هونەری چۆن بەرهەمێکە و چۆن دەتوانین لە بازاری هونەر دا پێشکەشی بکەین؟ بە دڵنیاییەوە بەرهەمی هونەری وەک بەرهەمی کارگە و کارخانەکان نییە و خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی. چەمکی بەبازارکردنی هێشتا لە کوردستان نامۆیە بەکاربەران زانیارییەکی ئەوتۆیان لە سەر نییە. لە بازاری هونەری کوردستان جێگەی بەبازار کردنی هونەر زۆر هەستی پیدەکرێت. لەم بابەتە هەوڵ دراوە بە شێوەیەکی گشتی باس لە بابەتی بەبازارکردنی هونەر وەک پێناسەکان و ناساندنی بکرێت و تەوەرە سەرەکییەکانی بەبازار کردنی هونەر باس بکرێت.

---

[1] دکتۆرای کارگێری و کار

Kamaran16@gmail.com

## پێشەکی

مێژووی هونەر دەگەڕێتەوە بۆ بوونی مرۆڤ لە سەر گۆی زەویی و بە درێژایی هەزاران ساڵ لەگەل مرۆڤ دا ژیاوە. هونەر قۆناخ بە قۆناخ پەرەی سەندووە و وەک بابەتێکی سەبەخۆ خۆی سەلماندووە، لە هەر سەردەمێک هونەر لەگەڵ یەکێک لە زانستەکان تێکەڵ بووە وەک کۆمەڵناسی، سیاسەت، دەروون ناسی، ئەمرۆکەش دەبینین هونەر لەگەڵ زانستی بە بازار کردن یەکی گرتووە و بۆ برەو دان سوودی لە بە بازار کردن وەر گرتووە. بە بازار کردنی هونەر بە زمانی بازار بە واتای تجاری کار کردن نییە بەلکوو دانانی ستراتیژیەتێکی گونجاوە بۆ ناساندنی هونەرە بە باشترین شێوەی مومکین دا.

ئەم بابەتە هاوکاتە لەگەڵ بەرپابوونی فستیڤالی فیلمی سلێمانی، کاتێک میدیاکان لەگەڵ هونەرمەندان وتو وێژ دەکەن زۆربەیان باس لە کەم بازاری هونەر دەکەن بینین فیلم لە کوردستان زۆرتر لە کاتی فستیڤالەکانە و زۆرترین بەرهەمەکانیش تەنها بۆ فستیڤالەکانە. بابەتەی مارکێتینگی هونەر لە پەرە سەندن دایە و بە دڵنیاییەوە لە ماوەیەکی زۆر کەم لە داهاتوو دا دەبینین کە ناچارین گوێ لەم زانستە بگرین. من زۆرتر لە بیست و پێنج ساڵە لە بواری هونەر دا کار دەکەم و بەردەوامم، بۆ من زۆر ئاسانترە باس لە دوو زانست جیاواز بکەم کە لە هەر دوو زانست دا پسپۆریم هەیە.

بەر لەوەی باسی مارکێتینگی هونەر بکەین پێویستە بزانین هونەر پێناسەکەی چییە و بە چی دەوترێت هونەر؟ لە سەردەمانێک دەژین کە هیوامان بۆ بەدەست هێنانی پێناسەیەکی گشتگیر لە هەموو شتێکمان لە دەست داوە. بۆ نمونە پێناسە کردنی مرۆڤ، جیهان، مەعریفە، ڕاستی، ڕاستگۆیی، فەزیلە زۆر ئەستەمە، پێناسەی هونەریش زۆر ئەستەمە. هە پێناسەیەک کە پێشکەش دەکەین تەنها نزیکبوونەوەیەکە لە تایبەتمەندییەکان و چۆنایەتی هونەر. تلستۆی بەم شێوەیە پێناسەی هونەر دەکات: هونەر چالاکییەکی مرۆڤانەیە کە تاکەکان بە ئاگایی و هۆشیاری و بە یارمەتی هێما دیارەکان، هەستەکان ئەزموون دەکەن و دەیگوازێنەوە، بە شێوەیەک کە بەرامبەریش هەمان هەست ئەزموون بکات و لە هەمان ڕێگەیەک کە هونەرمەند تێپەڕیوە، تێپەڕێت. لە پێناسەکەی تلستۆی سێ خاڵی گرنگ بەدەر دەکەوێ، خۆئاگایی، مرۆڤایەتی و ئامانج.

شومپیتەر دەڵێ: هونەرمەند کاردێرێکە کە بابەتەکان لەگەڵ یەکتر تێکەل دەکات و دەیانکاتە یەک پارچەیەکی هونەری. درک کردن بە شیوازێکی مارکێتینگ، بەشێکە لەم لەگەڵ یەک تێکەلکردنەوەیە.

بەڵگەیەکی زۆر هەیە کە پێشان دەدات مەیلێکی زۆر بۆ شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان دیاردەی ئابووری و فەرهەنگی لە سەرانسەری جیهان هەیە. سەرهەڵدانی هێزە بە تواناکانی لە بازاری جیهانی دا، گۆڕەپانەکە بۆ ڕووبەرووبوونەوەیەکی ئاشکراتری کێشەکانی ئابووری و فەرهەنگی لە کۆمەڵگای هاوچەرخ دا ئامادە دەکات. ئابووری وەک هەوڵێکی عەقلانی ناتوانێ بە دوور لە فەرهەنگ بێت و دەبێت لەوە تێبگەین کە کاربەدەستانی ئابووری لە ژینگەیەکی فەرهەنگی دەژین، هەناسە دەدەن و بریاردەدەن. پێچەوانەکەشی ڕاستە کە فەرهەنگ لە ژینگەیەکی ئابووری دا دەژیت و دەبێت پەیڕەوی لە پرەسنیپەکانی زانستی ئابووری بکات.

بەرهەمی هونەری چۆن بەرهەمێکە و چۆن دەتوانین لە بازاری هونەر دا پێشکەشی بکەین؟ بە دڵنیاییەوە بەرهەمی هونەری وەک بەرهەمی کارگە و کارخانەکان نییە و خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی. بەر لە هەرشتێک دەبێت بەهاکان و توخمە سەرەکییەکانی هونەر دەستنیشان بکەین کە دەکرێ بەم شێوەیە بێت:

- بەهای جوان ناسی.
- بەهای مەعنەوی.
- بەهای کۆمەڵایەتی.
- بەهای مێژوویی.
- بەهای سیمبۆلیکی.
- بەهای ڕەسەنایەتی.

پەیوەندی دروست کردن لە نێوان ئەم بابەت و تایبەتمەندییانە و زانستی ئابووری کارێکی ئاسان نییە، زۆر جار بەرهەمێکی هونەری بەرزمان هەیە بەڵام بەهای ئابووری کەمێکی هەیە یان بە پێچەوانە بەرهەمێکی هونەری نزم یان بازاری بەڵام بەهایەکی زۆری ئابووری. چۆن بتوانین هاوسەنگیەکی تەندروست لە نێوانیان دروست بکەین؟ ئەمە کاری هەرەکی مارکێتینگی هونەرە.

بە شێوەیەکی سادە مارکێتینگ باس لە مامەڵە کردن لە نێوان بەرهەم هێنەر و کڕیار دەکات، پەیوەندییەکای چۆنایەتی لە نێوانیان بە دەست نیشان کردنی خواست و ویستەکان لەگەڵ وەڵام دانەوەیەکی لە کاتی پێویست و ژیرانە، تێگەیشتن لە بازار و گروپەکان و چینەکانی بازار.

زۆر جار لە مارکیتینگ باس لەوە دەکرێت کە دەبێت هونەرمەندانە مامەلە لە گەڵ مارکێتینگ بکرێت هەروها هەمیشە پرسیار دەکرێت ئایا بەڕێوەبردن زانستە یان هونەر؟ ئان تێکەلەیەکە لە هەردووکیان؟ کە وەڵامە راستەکە ئەمەیە کە تێکەڵەیەکە لە هەردووکیان. ئێستا دەبێ پرسیار بکەی مەرکێتینگ بۆ هونەر یان هونەر بۆ مارکێتینگ؟ لە ڕستی دا ئەمە مارکێتینگ نییە کە سنوورەکان و پرەنسیپەکانی خۆی لە چوارچێوەی هونەر پێناسە دەکات، بەڵکوو هونەریش کاریگەرییەکی زۆری لە سەر مارکێتینگدا هەبووە. ڕێکلام یەکێکە لە بەشەکانی مارکێتینگ کە دەبینی هونەر ڕۆڵێکی بەرچاویی تێدا دەگێڕێت، بۆ نمونە بە کارهێنانی شێوازی مینیمالیستی لە ڕێکلامەکان یان شیوازی ئابسترە، دەبینین کە جێ پێی هونەر لە مارکێتینگ دا بە روونی بە دەر دەکەوێت.

لە پێناسەی مارکێتنگی باسمان لە پەیوەندی نێوان بەرهەمهێنەر و کریار کرد، ئێستا دەبێ لە خۆمان بپرسین چۆن دەتوانین سەرنجی کریاران بۆ خۆمان ڕابکێشین؟ چۆن دەتوانین خەڵک بە بەرهەمێکی تازە وەفادار بکەین؟ بە شطی کە هەتا ئێستا نە گوێی لێ بووە نە بینیویەتی؟ بەرهەمیکی جیاواز و ناوازە ئەمانە پرسیارە گەوەرەکانن کە دەبێ وەلامیان بدەینەوە. بۆ وەڵامدانەوەیان پێویستیمنا بە کۆمەڵێ شێواز و تەکنیک هەیە و بە دڵنیاییەوە شێوازە کۆنەکان بە کەلکمان نایەن.

بۆ هونەرمەندان و دامەزراوە هونەرییەکان لایەنی بەرامبەر زۆر گرنگە، ئەزموون کردنی بەرهەمێکی هونەری بە بێ بەرامبەر بێواتایە و بەرەو شکست دەمانبات. سەنج دان بە شیوازی بیرکردنەوە و زەینی لایەنی بەرامبەر لە ئەرکە سەرەکییەکانی مارکێتینگی هونەرە. هونەری مارکێتینگی هونەر دەتوانێ بە بەدی هێنانی کەش وهەوایەکی گونجاو و بە دروست کرنی ئەنگێزە وا بکات کە خەلک بەشداری بەرنامە هونەرییەکان بکەن و لە بەرهەمە هونەرییەکان تێبگەن.

بۆ بەشداری پێ کردنی خەلک لە بەرنامە هونەرییەکان دەبێ ئاماژە بە پێنج قۆناخ بکەین:

- زەمینە سازی و دروست کردنی پەیام.
- ئامادەکاری.

- ئالگۆری هونەری.
- پرۆسس کردن و خولقاندنی واتا.
- فید بەک وەرگرتن لە کاریگەرییەکان.

بە سەرنج دان بەم پێنج خاڵە دەتوانین کار لە سەر لایەنی بەرامبەرمان بکەین و هەوڵ بدەین زۆرتر لە بەرنامە هونەرییەکان بەشدار بن. نابێ ئەوە لە بیر بکەینەوە کە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم پێنج قۆناخە دەبێ پێشتر لێکۆڵینەوە لە سەر بازار بکەین، لە پێویستیەکانی بازار تێبگەین، شێوازی داهێنەرانی بۆ گەیاندنی پەیامی خۆمان بۆ دیزاین بکەین، بە بەردەوای هەلسەنگاندن بۆ کاریگەرییەکان بکەین و هەروەها کۆمەڵێک کاری دیکە دەبێ ئەنجام بدەین هەتا سەرکەوتوو بین.

ستراتیژی چەمکێکی نا ئاشنا نییە بەڵام زۆر جار لە تێگەیشتن لەم چەمکە تووشی هەڵە دەبین، ستراتیژی گەوڵێکە بۆ درک کردن بە پێگەی خۆمان لە ناو کۆمەڵگادا، بە دەستە واژەیەکی دیکە لە ناو بازار دا چ پێگەیەکمان هەیە، نەک ئەوەی کە باس لە بە دەست هێنانی هیوایەتێک بکەین و دەتوانین لە چ پێگەیەک بین. لە ستراتیژی مارکێتینگ بۆ ئەوە دەگەڕەین کە چۆن دەتوانین بەرهەمەکانمان بە باشترین شیوە پێشکەش خەڵکی بکەین. لە ستراتیژی مارکێتینگ دا رەچاوی ئەم سێ تەوەرە دەکەین:

- شیکردەنوەی بازار:
  - I. هاوتەریب بوون لەگەڵ دیدگا و پەیام.
  - II. درکی بازار.
  - III. دابەش کردنی بازار پەیدا کردنی پێگە.
- نووسینی ستراتیژی:
  - I. هەڵبژاردنی ستراتیژی مارکێتینگ.
  - II. ستراتیژی براند.
  - III. ستراتیژی نرخ دانان.
  - IV. ستراتیژی خۆناساندن و بەشداری کردن لە میدیاکان.
- جێبەجێکردن و هەڵسەنگاندن:
  - I. بودجەدانان.
  - II. جیبەجێکردنی بەرنامەی مارکێتینگی هونەر.

## III. هەڵسەنگاندن.

نووسینەوەی ستراتیژی بریتییە لە دیزاین کردنی بەرنامەیەکی درێژ مەودا بە مەبەستی بەڕێوەبردنی کاریگەری دەرفەتەکان و هەرەشەکانی ژینگە لە چوارچێوەی لایەنی بەهێز و بێ هێزەکانی دامەزراوەکان. ستراتیژییەکانی مارکێتینگ کەرەستەی بەدی هێنانی ئامانجەکانی مارکێتینگە.

بۆ نمونە باس لە ستراتیژی گشتی گرووپی هونەری هەتاو (cirque du soleil)دەکەین. ستراتیژی ئەقیانووسی شین دەڵێ: تەنها ڕێگەی سەرکەوتن لە ڕکابەرییەکان، ڕاوەستانی هەوڵی سەرکەوتن لە ڕکابەرییە. بە دەستە واژەیەکی دیکە لە جاتی خۆ تووش کردن بە ڕکابەرایەتی بێ بەزەییانەی ئەقیانووسی سوور دەبێ بچینە ناو پانتایی بێسنوری ئەقیانووسی شین و هەوڵ بۆ دروست کردنی پیویستی بدەین. گرووپی هونەری هەتاو کە بریتین لە کۆمەڵێک ئەکتەری سەر جادەکان لە ساڵی ١٩٨٤ دامەزرا و ئێستا گەورەترین هەناردەکاری هونەری کەنەدان. ئەم گرووپە سەرکەوتوو لە کاتێک بڕیاریان دا کە بۆ سەرکەوتن، کۆمپانیاکان دەبی واز لە ڕکابەرایەتی بێنن.

ستراتیژی ئەقیانووسی شین ئەنجامی دوو دەیە لێکۆڵینوە و توێژینەوە لە سەر سەد و پەنجا جولەی ستراتیژیک لە زۆرتە لە سی پیشەسازی جۆراجۆر لە سەد ساڵی ڕابردووە. ئەم تێروانینە، بە کارهێنانی هاوکاتی دوو ستراتیژی جیاواز بوون و ستراتیژی کەم کردنەوەی خەرجییەکانە.

بە مەبەستی پێشبردن و سەرخستنی هونەر لە کوردستان دا دەبێ واز لە شێوە تەقلیدیی و کۆنەکان بێنین و بە شێوەیەکی زانستی بروانینە هونەر. بە دڵنیاییەوە بە کارهێنانی زانستی مارکیتینگ لە بواری هونەردا هەرچەندە لە هەرێمی کوردستان زۆر کەم بایەخی پێدراوە و کەمتر باس کراوە و ڕەنگە نەبوونی پسپۆری تایبەت بەم بوارە دا وای کردووە کە لە بازاری هونەردا نەتوانین تەندروستانە کار بکەین. لە مارکێتینگی هونەردا زۆر گرنگە کە ڕاوێژکارانی بواری مارکێتینگ بە باشی لە هونەردا تێبگەن چونکە بەرهەمی هونەری زۆر جیاوازە لە گەڵ بەرهەمەکانی دیکەی، بۆ ئەم مەبەستە پێویستە ستراتیژیەتێکی گشتیمان بۆ هونەر هەبێت و دواتر لە بوارە جیاجاکان دا ستراتیژی بنووسین. بە داخەوە لە ولاتی ئێمە هێشتا بۆ بابەتی هونەر

ستراتیژیەتێکی ڕوونمان نییە هەرچەندە ئەمە بەو مانایە نییە کە ناتوانین ئەم کارە بکەین بەڵکوو لە تواناکان دا هەیە بەلام پیویستە وزەی بۆ دانین.

سەرچاوەکان:


1. Alan Bradshaw, 2008. Before method: axiomatic review of arts marketing. International Journal of Culture, Tourismand Hospitality Research, Vol.4 No. 1,pp.8-19.
2. Annual Art Investment Report. 2012. Transparency for the Global Art Market Since 2004. Skates: Art market Research. New York.
3. Hey-Kyung Lee, 2005. When arts met marketing: arts marketing theory embedded in Romanticism, International journal of Cultural Policy, 11(3): 289-305.
4. Tara Werner, 2003, Entrepreneurship and marketing in Audience Development within New Zealand Performing Arts Companies. Asia Pacific Journal of Arts and Cultural Management, Vol. 1 Issue 1 December pp 22-34.